# ژینگەی صافی و صافی لە دیدی شاعیران

پ.ی.د. فائز أبو بكر قادر[1]


## پوختە

ئەم بابەتە دوو تەوەری سەرەکی لە خۆدەگرێ؛ یەکەمیان ژینگەکانی سروشتی و ئاینی و زانستی و... کاریگەرییان لەسەر پێگەیاندنی (صافی) و کەسایەتی ئەو لە گشت بوارەکان. سەرەتا کەسایەتی عیرفانی و ئینجا زانستی و ئەدەبی و کۆمەلایەتی و تادوایی، لە گەڵ ئەمانەش بەپێی پێویست تیشک خراوەتە سەر: ۱. ڕاستی ناوی (ئیران) تا دوای کۆچی دوایی صافی، دواتر گۆڕینی بۆ هیران بەهۆی هۆکارگەلێک. ۲. پەسندکردنی ناسناوی (کاک) وەک ناسناوی ئاینی بنەماڵەی (کاکی ئیران)، وەک چۆن لای بنەماڵەی تر ئەمە بووە بە نەریت. دوایی و لە تەوەرێکی دی؛ ئەو شیعر و نامەو چوارین و دێڕە شیعرانە کە لە ستایشی (صافی)دان دەخاتە روو.


وشە کلیلیەکان: کاک مستەفا، کاک مستەفای صافی، کاکی ئیران.

**پێشدەستی:**

خودا! ناوی تۆ سەرنامەی نامە + بەبێ ناوی تۆ کار ناتەمامە

سوپاس بۆ ئەو، درووود بڕژێتە سەر پێغەمبەر و یارانی.

روون و دیارە، کە (صافی) یەکێکە لە کەڵە شاعیرە هەڵکەوتووەکانی کوردو خۆشناوەتی ئەو شاعیرە سەرەڕای بەهرەی خواپێداو و بۆماوەیی عیرفانی و بنەماڵەیی و شارستانی و شیعری و وێژەیی... و

[1] کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکان، زانکۆی سەلاحەدین. Faiz.qader@su.edu.krd

بـاب و بـاپیرانی بـێ گومـان هەمـوو لەو هۆکـارانە و هۆکـارگەلێکێتر بوونەتە هۆکاری شۆرەت و ناسراوی لە هۆکارانە:

ژینگەی یەکەمـی خوێنـدنی کە خوێنـدن لای کـاک عەولای بـاوکی پیـرو مورشـید و شـاعیر و... لە حـوجرەی ئیـران کە لە پـاڵ تەکیەی بنەمـاڵەی کـاک بـووە کە هەردووکیـان بـۆ ئەو سـەردەمە وەک کەشـتی نـووح پێغەمبەر بـوون و لـە هەمـوو جۆر کلتـوور و رۆشـنبیریی و بن زمـان و سەدا و ئاوازی رەسـەن و خـۆش و شـۆخی تێدا کۆبۆتەوە، بۆ نمـوونە: ماموەستا مەلا مستەفای حـاجی عەلـی بێلینگە، کە لە سـییەکانی سـەدەی رابـردوو لە حـوجرە ئیـران خوێنـدوویە لە گەڵ دەروێشـەکانی تەکـیەی ماڵی کاکی ئیران حـاڵی لێهاتووە هەڵبەت بەکاریگەری ئەو ژینگە تێکەڵ و پێکەڵەی بن زار و زمانی کوردی لە شیعرەکانیشـی ڕەنگی داوەتەوە. لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێ:

عیلەلان بە ئەشعاران بلێ هەی هەی مەلا
ئیبن و حاجبێ زەمانە حەیفە خینێتە رژا

کە بەڕوونی پێیەوە دیارە بەکاریگەری زاراوەی فەقێیـانی نـاوچەی (ژی) واتە فەقێیـانی دەڤەری بادینـان، کە (جگەرخـوێن)ی شـاعیری ناسـراویش یەکێک بووە لە سەر فەقێیانی حوجرەی ئیران.

گرنگـی بـابەت: گرنگـی ئەم بـابەتە لەوەدایە؛ کە لە ڕێگەیـدا دەزانـرێ، کە شەیدایانی شیعری صافي سنوورێکی پان و فراوانـی گرتـۆتەوە تەنیـا شـــەیدایانی شـــیعری ســـافی ســـنووردارنییە بە بـــازنەی تەکیەکـــان و دەرویـــش مەحســـووبەکانی مـــاڵی کـــاکی ئیرانـــێ، بەڵکـــوو ســـنووری شـەیدایانی ئەو شـاعیرو عـاریفە هەمـوو سـنوورەکانی رەتـداوە، چـونکە چۆن دەبینـدرێ دەروێشـەکانی کـاک مستەفای صـافي ئالوودەی شیعرە

بە سۆزو بڕ جۆش و خرۆش و سەدای لێوانلێو لە ئاوازی جاویدانی و نەغمەو سەدای بولبولئاسای دەرویشە دەنگخۆشەکانی تا کەشکەلانی فەلەک بەرزدەبوویەوەو هەڵدەچوو ئاوەهاش شەیدایانی شیعرو ئاوازەکانی، خەلکانێکی دەرەوەی جیهانی دەروێشیشی ئاڵوودە شەیداو شیفتەی شیعرو ڕێبازی عیرفانی خۆی کردبوو.

بۆنموونە: شاعیرێکی گەورەی وەکوو (مەلا مەحموودی بێخود) کە لە شیعری ستایشی پێغەمبەر (د.خ) بە حەسسانی کورد ناسراوە، ئەگەر لە ڕووی تەریقەتەوە لەگەڵ (صافی) لەیەک جیابووون و (صافی) قادری و (بێخود) نەقشبەندی و، ئەو ڕێبازی زیکری دیارو عەلەنی و، ئەمیان ریبازی زیکری نادیارو پەنهانی، بەڵام سەرەڕای جیاییە رواڵەتیەکان، چونکە ریبازی سۆفیگەریی لە خودی خۆیدا یەک ڕێبازە، هەر بۆیەشە دەبینین دوای چاوەروانییەکی زۆری خۆی، واتە: بێخود، دەلێت: بەکامی خۆی گەیی، بیستی کەوا شەمعی شەبوستان واتە سافی، هات (بێخود،١٩٧٠، ل: ١٥).

ئەمە جگە لە خەڵکانێکی زۆری دەرەوەی جیهانی سۆفیگەرێتی بەگشتی و جیهانی دەرویشی بەمانای ڕێبازی زیکری قادری بە تایبەت، دەبیندرێ دەیان شاعیری زۆر گەورە و بە ناووشۆرەت شیعری صافییان هەڵبژاردووەو بەشێوەییک لە شێوەکانی کاریگەربوون پێیەوە سەرسامی خۆیان بە صافی و شیعرەکانی، هەندێ جار بەکردنیان بە پێنج خشتەکی، یان بەهەرشێوەییک لە شێوەکانی سەرسامبوون خستۆتە ڕوو.

میتۆدی بابەت: لە ئامادەکردنی ئەم بابەتە؛ ئەوەندەی‌کرابێت هەوڵدراوە سوود لە میتۆدی شیکردنەوەو گەڕان و پشکنین وەربگیرێ، بۆ دۆزینەوەی هەموو ئەو شیعرانەی لە لای شاعیرانی هاودەم و

هاوزەمان و دۆستی صافی شاعیر بوون و شیعریان بۆ ئەو گوتووە، تەنانەت ئەگەر بەیتێکیش بێت، لەڕێگەی ئەم بابەتەیشەوە لە سەرێک سەرسامی شەیدایان و عاریفان و شاعیران و دەروێشان و... بە خودی صافی وەک عاریف و خواناس، یان وەک شاعیر و بوێژ، یان وەک تەنانەت ئاوازدانەر، ئاخر زۆر جاران صافی هەر لەگەڵ دانانی شیعرێک بە شێوەییکی سەرەتایی ئاوازێکیشی بۆ دادەناو سروشتی دەنگی دەروێشە دەنگخۆشەکانیشی دەزانی، بۆیە زۆر بە ئاسانی ئاوازێکی گونجاوی بۆ شیعرەکەو دەنگێکی خۆشیشی بۆ ئاوازەکە دەدۆزیەوە، لەوانەیە هەندێجار ئاوازەکە لە ڕێی دەروێشە دەنگخۆشەکانەوە خزابێتە سەر زاری گۆرانیبێژێک و زیاتر بەئاوازی ئەو ناسرابێت، وەک پێنجخشتەکی صافی لەسەر غەزەلی ناری و طاهیر بەگ، کە ئاوا دەست پێدەکات:

من و دڵ ئیمڕۆ ئەو شۆخە، لە خۆشی یەک بەدەی کردین
لە جامی لەعلی سەرخۆش و موقیمی مەیکەدەی کردین
هەتا مەحشەر خومارو مەستی نازو نەشئەکەی کردین
بە غەمزەی چاوی مەخمووری سیاهی مەستی مەی کردین
بەماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین

کە سەرەتا بەدەنگە ئاسمانییەکەی (حاجی عەبدوللای دەفزەن) گوتراوەو دواتر لای خەلکانی دی گوتراوتەوە.

تەوەرەکانی بابەت: ئەم بابەتە وێڕای ئەم پێشتدەستیە ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت: ئیران یان هیران؟ بنەماڵەی بەڕێزی کاکی ئیران و بەکارهینانی وشەی (کاک)ی کوردی، پوختەیەک لە ژیانی صافی، صافی

و کاری ژینگەکان لەسەری: أ - ژینگەی سروشتی، ب- ژینگەی عیرفانی- خواناسی و زانستی،

پۆزش: ئەم بابەتە کارێکی مرۆڤکردە، بۆیە وەک هەر کارێکی مرۆڤکرد، هەڵبەت هەڵەو پەڵەی تێکەوتوە، بۆیە داوای لێبووردن دەکەم و سوپاسگوزاردەبم ئەگەر هەڵەم بۆ هەڵبگرنەوەو لە کەوتن بمگرنەوە.

ئەمەو، نزاکارم لە خوا بەرەو ڕاستەشەقام دەستمان بگرێ و سەرکەوتووی ئێرەو ئەوێمان بکات!

## ئیران یان هیران؟

لەم نووسینەدا پێویستە ئەوە ڕاستبکرێتەوە کە؛ ناوی (ئیران) لە هەموو دەسنووس و دیکۆمێنتەکانی بەردەست، تا دوای مەرگی (صافی) هەر (ئیران) بوەو، بەدەگمەنیش (هیران) نەنووسراوە، بۆنموونە لە دیوانی حاجی قادری کۆییدا هاتووە:

لەبی (نازە نینـ)ی بە خەتتی (جەلی) × لە(ئیرانـ)ـەوەی گرتووە تا هیرات

(حاجی قادری کۆیی، ١٩٨٦، ل: ٥٥.)

هەروەها لە چەند دەسنووسێکدا، ناوی ئەو گوندە هەر بە ئیران نووسراوە، تەنانەت خودی (صافیـ)ش بە (ئیرانی) واژۆی نامەکانی کردوە، وەک لە کۆپی ئەم دەسنووسەدا دیارە:



خەلکی ئەوگوندە ڕەنگینەش ناوی گوندەکەیان هەر بە (ئیران) نووسیوە، لەوانە: مەلا سەعیدی (خاکی)، لە کۆتایی دانراوێکی خۆیدا کە بەزمانی

عەرەبی دایناوە گوتوویە: ألفتە فی مسجد الإیران. هەروا مەلا ئیبراهیم ناوێکی ئیرانیش کە ئەم دانراوەی مەلا سەعیدی نووسیوەتەوە، ناوی گوندەکەی خۆی هەر بە ئیران نووسیوە، ئەمەش کۆپی دەسخەتی دانروەکەی مەلا سەعیدی خاکیە، کە مەلا ئیبراهیمی ئیرانی لە ساڵی ١٣٠٣ کۆچی نووسیویەتیەوە:



عەرەب گوتەنی: وأهل مکة أخبر بشعابها (المثل السائر في أدب الکاتب والشاعر ت محیي الدین عبد الحمید:١٣٨/١).

پێش ئەمانەیش مەلا ئەحمەدی کوڕی ئیبن ئادەم چەند جار ناوی گوندی (ئیران)ی هەر ئاوا نووسیوە.

ئەمەش کۆپی لاپەڕەییکی کەشکۆڵی سەید محمدە، کە خەڵکی کوردستانی ئەو دیو بوە، لە خۆشناوەتی فەقێ بووەو، تا جوانەمەرگ بووەو، خوا بە بەهەشتی شادکردوە ان شاء اللە، کەشکۆڵەکە لە نێوان سالانی ١٣٤٥و١٣٥٠هـ لە گوندەکانی مەلەکان و هەرتەل...ی نووسراوەتەوەو، لە دیوانی صافی، چاپی٢، ٢٠١٥ز، ل:٢٩٢، شیعرێکی کە تەنیا لەم کەشکۆڵەدا هەبوو بڵاوبۆتەوە. لەم کۆپیەش هەر (صافی ئیرانی) نووسراوە.




خۆ حەسەن سیساوەییش لە حەیرانێکیدا هەر (ئیران)و (نازەنین) دەڵێ.
دیارە لە دوای ١٩٥٨و دواتر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە، (ئێران)ی وڵات و (ئیـــران)ی ئیـــران و نـــازەنینی خۆشـــناوەتی، کـــە زوو، وەک بیستوومە! هـی دو خوشکبوون بـە ناوەکـانی (ئێران) و(نـازەنین)، کـە هەمیشـە بـە سـەر زارانـەوە بـوون، دواتـر بـۆ تێکـەڵ نـەبوونی (ئێران)و (ئیـران)، (ئیرانـ)ی گونـد کـرا بـە (هیـران)، ئەمـەو، (ئـ)و(هـ)، زۆر جـار شـوێنی یەکدەگرن، وەک: (ئاوریشـم) (هاوریشـم)، کـەوابێ جیاوازی لـە نێوانیاندا نیە.
بنەماڵەی بەڕێزی کاکی ئیران و بەکارهێنانی وشەی (کاک).
بنەماڵەی بەڕێزی کاکی ئیران و بەکارهێنانی وشەی (کاک)ی کوردی لە جیاتی شێخ یان هەر وشەیێکی دی.
ڕوونـە کـە پـەیامی سـەرەکی ئیسـلام پـەیامی تەوحیـد و یەکتاپەرستیە، ئینجا پەیامی رەوشـت و رەوشتبەرزیی، بۆیـە دەبینـدرێ لـە ئیسـلام زۆر ئاســـایی بـــەبێ وەســـتان و دامـــان هـــەمان ئـــەو جـــۆرە وشـــانەیان بـەکاربردوون بـۆ زۆربـەی پەرستشـە پیرۆزەکـان، کـە لـە کۆمەڵگـەی جـاهیلی بەکاردەهێنـدران. هـەر کـوردی موسـولمان زۆر بەئاسـانی و ئاسایی وشەکانی (ڕۆژی) و (نوێژی) لە ناوی پەرستشێکی هاوشێوەی پێش ئیسلامی گواستوەتەوە بۆ (صـوم)و (صـلاة)، کەسیش نـارازیبوونی نیشـان نـەداوە، بنەماڵـەی بـەڕێزی کـاکی ئیرانیش بەهـەمان پـێ و دانـگ جووڵاونەتەوەو نەهاتوون ناسناوێکی عـەرەبی بۆخۆیـان دابنێن، بـەڵکوو

لەمەشدا کوردانەو خۆشناوانە بیریانکردۆتەوە و لە شێخ سولەیمانەوە یان لە دوای ئەوەوە (کاک)یان وەک برا گەورەی ئاینی بۆخۆیان هەڵبژاردوە، لەمەشدا بە تەنیا نەبوون، بەڵکوو بنەماڵەی ئاینی دیش هەبوون وەک: کاکی جەلی (ت ١١٨٠هـ)و کاکی زێویَ و کاکی سیساویَ و...زیاد لەمە زانایانی گوندی شێخوەتمانی باڵەکایەتیش، کە سەر دەمانێک ماموەستای حاجی قادری کۆیی بوون، بۆ ریَز (کاک)یان بۆ بەکارهاتووە، وەک کاک (مەلا عبد الله) و (کاک مەلا محەمەد).

**پوختەیەک لە ژیانی صافی:**

زنجیرەی پشتاوپشتی صافی لە شێخ سولەیمانەوە تا صافی: (صافی) واتە: (کاک موصطەفا) ي کوڕي (کاک عەبدوللا)ی سانی، کوری (کاک عەلی) کوڕي (کاک موصطەفا)ي کوڕي (کاک عەبدوللا)ی کوڕی (شێخ سولەیمانی ئیرانی)ـە (دیوانی صافی، ٢٠١٥، ل: ١٨). لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکریَ، کە لە کتێبی (مێژووی ناودارانی کورد) هاتوە، کە کاک (کاک موصطەفای صافی) بە حەوت پشت دەگاتەوە بە شێخ سولەیمان، کەچی ڕاستیکەی ئەوەیە کەصافی بە خۆیەوە، بە پێنج پشتان دەگاتەوە (شێخ سولەیمان)(رۆحانی، سنندج، ٢٠١١. ٢/٦٩٣).

مێژووی لەدایکبوونی: کاک (کاک موصطەفای صافی) لە ساڵی ١٨٧٣ز لەدایکبووە، لە ئاوایي، یان میرەدێی (ئیران)ی جوان و رەنگین و ئاوو هەوا زوڵاڵ و ساف و سازی هەمیشە لە گەڵ (نازەنین)بە یەکەوە ناسراو بە یەکەوە نووساو، وەک دووانە یان جووت، یان خۆشناوانە گوتەنی: خێرمانە (موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، ١٩٦١: ٢٤١).

خوێندن و خۆپێگەیاندنی صافی: سەرەتای خوێندنی صافی لە (ئیرانیَ)، لای (کاک عبدوللا)ي باوکی بوە، دوایی بۆ خوێندن چووەتە (هەولێر)و (کۆییَ)و (رواندزیَ) (رۆحانی، وەرگێران: ماجد مەردۆخ رۆحانی،

سنندج، ٢٠١١.ز: ٦٩٣/٢) و (سـەران)و (زینـویَ)و (لاجـان)و (پەسـویَ)و (سابلاغ) لەمەیان لە مزگەوتی شادەرویش، لای قازی عەلی باوکی قازی محمـدی پێشـەواو، یەکـەم سـەرکۆماری کـورد، بـۆ خوێنـدن زۆر ماوەتەوەو (دیوانی صافی، ٢٠١٥، ل: ٢٠)، هەڵبەت ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە لـە هـەموو ئـەو شـوێنانە صـافی لای زانـا بلیمـەت و خوانـاس و بـوێژو هەڵکەوتوەکان وێرای خوێندنی بابەتە ئاینی و زانستیەکان راستەوخۆ نـا راسـتەوخۆ، چەشـەو زەوقـی وێـژەو شیعریشـی بووژاوەتـەوەو پـەرەی سـەندوە، نـاکریَ کاریگـەری کاکـەولای بـاوکی کـە شـاعیر بـووە (تـأریخ مشاهیر کرد، بابا مردوخ روحاني شیوا، سرش، تهران،١٣٨٢،: ٢٦٣/٢، مێژووی ناودارانی کـورد، بابـە شـێخ مـەردۆخ رۆحـانی، وەرگێڕان:ماجـد مـەردۆخ رۆحـانی، سـنندج، ٢٠١١. ٦٩٣/٢.) و سروشـتی جـوانی ئیرانـیَ و جـوانی و شارسـتانی شـوێنەکانی دی نادیدەبگیریَ، هەر بە هۆکاری ئەو ژینگەیـەی صـافی تیایدا ژیاوە و لـە پـێش هـەموویان ئـەو ژینگـە ئـەدەبی و شـیعریی و گیـانی.. هتـد کـە راستەوخۆ لە باوکیەوە پێیگـەییبوو بوبوونـە هۆکاری ئەوەی لـە تەمـەنی ١٤ سـاڵی شیعر بنووسـێت (دیوانی صـافی،٢٠١٥، ل: ٢٠.) کاریگـەری لـە سـەر ئەو دانەنابیَ.

صـافی تـوانی تـا بـاوکی لـە ژیانـدا بـوو، بیَ پـەروا، ژیـان بەسـەر ببـات، زۆربـەی کـاتی بـە هەڵبەستنی شیعری پڕ سـۆزو تـەڕو پاراو ئـاوداری دڵداری بە سەر دەبردو هەندیَ جاریش لە گڤ ڕاوی مـەڵ و بـزن و کەڵـە کێویانـدا، بەدەشـت و نـەواڵ و کۆسـاراندا بخولێتـەوە، ڕۆژگـار تـەنیا تـا سـی ساڵەی تەمـەنی ئـەو دەرفەتـەی بۆ ڕەخسـاند، بـەڵام کە کاکـەولای بـاوکی لـە ١٩٠٦ (زەنگیـازویی، دیـوانی صـافی، ب س، ل: ٣.) وەڵامـی بانگـەوازی خوایی ﴿يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ، ارْجِعِي إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً، فَادْخُلِي فِي عِبَادِي، وَادْخُلِي جَنَّتِي﴾ [الفجـر:٢٧-٣٠]، دایـەوە ئیتـر دواي ئـەوە وەک نـەریت و بۆمـاوەی

باوک و باپیرانی لە شوێنی باوکی دانیشت و، لە هەموو خێرو خۆشی سەردەمی گەنجی دەستی هەڵگرت و ژیانی گەنجێتی و شێخزادەیي و میرزادانەی گۆڕیەوە بە ژیانی دەروێشي، تووشی عەشقی ڕێ و شوێنی شێخ تاهای بەتلیسی بوو.

صافی و کاری ژینگەکان لە سەری: هەڵبەت ژینگە کاریگەرییەکی زۆر دادەنێتە سەر ئەوانەی تیایدا دەژیێ؛ بە مرۆڤ و گیانلەبەرو تەنانەت گژوگیاو داروبارو زیندەوەرو مەڵ و مارو مێروویشەوە، لە فەرموودەی پیرۆزییشدا هاتوە: (إنما مَثَلُ الجَلِيسِ الصالحِ وجَلِيسِ السُّوءِ، كَحَامِلِ المِسْكِ، ونَافِخِ الكِيرِ، فَحَامِلُ المِسْك: إما أنْ يُحْذِيَكَ، وإما أنْ تَبْتَاعَ منه، وإما أن تجد منه رِيحًا طيبةً، ونَافِخُ الكِيرِ :إما أن يحرق ثيابك، وإما أن تجد منه رِيحًا مُنْتِنَةً). ]صحيح متفق عليه [.(الحَميدي، الجمع بين الصحيحين البخاري ومسلم،٢٠٠٢م،٣٠٥/١).

أ - **ژینگەی سروشتی:** دیارە صافي شاعیریش وەک شاعیرێکی دڵ و دەروون و شیعر تەڕو ناسک، دڵتەڕیی و ناسکیەکەیان سەرچاوەی گرتووە لە سروشتي جوانی ئیران و باخی هەرمێ و هەنجیرو هەنارو ترێ و هەڵووژەی بەیارو گوڵ و گوڵزاری جۆبارو ئاوی کانیاوی سازگارو هاژەو قەڵبەزەی رووبارو سایەی شەنگەبی و چنارو کەڵە کێوی شاخ و کەوی دەنووک و چەنگ سووری بنارو هەنگوینی هەنگی نێو هەناوی پیرەدار و سەیوانی پیرە داربەڕوو، کە تەنانەت گردوو تەپۆڵکەی گۆڕستانەکانی ئیران و تەواوی دەورو بەریشی کردبوو بەگردی سەیوان و گۆڕستانی شاری مردوانیش تیایدا وەک سەیرانگای بەهەشتێ دەهاتە بەر چاوان، ئەمە کەمێکی زۆر کەمی ئەو ژینگەیەن کە خواوەند بە (ئیران)و (نازەنین)و ناوچەی خۆشناوتی داون، کە کاریگەریان لە سەر (صافی) داناوەو، سەلیقەو قەریحەی شیعرو وێژەیان جۆشداوە و بزواندوەو، دڵی زۆرێک لە شاعیران و بوێژان و

بگـــرە زۆریَ لـــە فـــەقێ و مـــەلایان، کـــە دەســـتەبژێری خوێنـــدەواری کۆمەڵگـەی کـوردەواریی سـەردەمی زوو تـا نیـوەی یەکـەمی سـەدەی بیسـت بـوون و، لـەو سـەر بـۆ ئـەو سـەر و لـە خـواروو و ژووری کوردسـتان بـە پێیـان و پشـتەکۆڵ بەسـەر پشـتەوە، وەک ئـەوەی بـۆ بەهەشتێ بچن بەرەو (ئیرانێ) دەخزین، بۆ نموونە: (مەلا ئەحمـەدی مـەلا محەمەدی مـەلا ئادەمـان لـە ١٢٢٧ک)، (جگـەرخوێن) (دیوانی صافی،٢٠١٥، ل: ٣٦)و، (چروســتانی) (یادداشــتەکانی چروســتانی، ل:٨٥)و (مــەلا خالیــد ئاوارە) یـان (خالید مـەحموود یوسف)، کـە خـەڵکی کوردستانی ئـەودیو بـوو، لـە ١٩٧٥ز لـە تەکیـەی تاڵـەبانی لـە کـەرکووک گواسـتبوویەوە بـۆ (ئیران)ـی خۆشـناوەتی و لای مامۆسـتا مـەلا عـەزیزی کـوڕی کـاک مستەفای صافی ماوەیێک خوێندی و دوای چەند مـانگێ گواستیەوە بۆ شەقڵاوە، مزگەوتی ئال میران، بۆخوێندن لای مامۆسـتا مـەلا مەجیدی گڕاوی، لەوێ مایەوە تا لە گەڵ لـەدایکبوانی ساڵی ١٩٥٧ یان ١٩٥٨ بـوو بە سەربازو، لە کاتی ئیجازەکانیدا چونکە شـوێنی حـەوانـەوەی نـەبوو لـە کوێ فـەقێ بوا کـاتی ئیجازەکـەی لـەوێ بەسـەردەبرد، هەمیشـە نامەشـی بۆ دەناردم، دوا نامە گەیشتبێت لە گەیلان غـەرب لـە؟/١٩٨١/٢بـوو، دوای ئـەوە نـە نامـەو نـە هـەواڵیکم لێیـەوە نـەزانـی، بـەڵام زۆر دوای ڕاپـەڕین، هەڵـە نـەبم لـە هـاوحوجرەو مامۆسـتای زۆر خۆشـەویستم رەوانشـاد مـــەلا مـــەحموودی ســـەغیر - مـــەلا نـــەوزاد، شـــریف عـــەزیز شـــەریف عـــەودالانی، یەکـــەم بەڕێوەبـــەری ئـــەوقافی هـــەولێری یەکـــەم کابینـــەی حکومەتی هەرێم، بیستم کە لە هەشتاکان لەناوچەی مەریوان، بیندراوە.

**ب- ژینگەی عیرفانی- خواناسی و زانستی:**

ســـەبارەت بـــە ژینگـــەی عیرفـــانی و خواپەرســـتی گونـــدی ئیـــران و دەوروبـەری پێویسـتە ئاماژەیێک بـە گەواهیـدانی مـەلای گـەورەی کۆیـە

بدەم، کەئەودەم ناسیاوی کاک مستەفای صافی و، مامۆستاو موجیزی کاک مەلا عەزیزی کوڕی صافی بووە، مەلای گەورە سەبارەت بە مەلا ئەحمەدی کۆر، کە خوا ناسێکی ئەو سەردەم بووە، فەرموویە: مامۆستا (مەلا ئەحمەدی ئۆمەرگومبەتي) زاتێ زۆر گەورە بوو، ئەتوانم بلێم بە حەق (وەلي) بوو، عمرێ زۆري لە شەرع وتەقوا ڕابوارد (جەلیزادە، تەفسیری کوردی، لە کەلامی خوداوەندی، ٢٠٢٠:١/٦١٥) سروشتیە کە صافیش لەو ژینگە عیرفانیە سوودمەند بوە.

شایەنی ئاماژە پێدانە کە ئەم مەلا ئەحمەدی ئۆمەرگومبەتیە لە گەڵ ئەحمەدی کۆری سابڵاغی شیعرییان تێکەڵ بووە بەڵام کاک مستەفای صافی بە هەردووکیان یان شیعری هەردووکیان ئاشنا بووە، گەواهیدانی مەلای گەورە بەخواناسی ئەحمەدی کۆری ئومەرگومبەتی و هاوزەمانی بوونی (صافی) لە گەڵیان واتای فەراهەمبوونی ژینگەی خواپەرستییە بۆ صافی. روون و دیاریشە کە سەرەتای ژینگەی عیرفانی و خواناسی و، زانستی و کۆمەڵایەتی و شارستانی و ئەدەبی صافی ئیرانی ئەوەیە، کە ئەو لەتەکیەو ماڵەکەی خۆیدا لە سەردەمی باوکیدا ژینگەو کەشێکی عیرفانی لێوانلێوی بۆ رەخساوە، هەمیشە (کاک مستەفاي صافي) لە سایەی کاک عەبدوللای باوکیدا لە گەڵ پیاوچاکان و دەروێش و دێوانەو خەلیفەکانی باوک و باپیرانیدا، لە سەر رێبازو رێڕەوی شیخ و عاریف و خواناسی گەورەو ناسراو لە سەر ئاستی جیهان و کوردو کوردستان شێخ عبد القادری گەیلانی کوڕی عبد الله کوڕی جەنگي دۆستی جیلي حەنبەلي، لە گەیلان (جیلان) لە ساڵی (٤٧١ هـ) لەدایکبوە، لە ساڵی ٥٦١هـ کۆچیدوایی کردوە، زاناو فیقهزانێکی حەنبەلیی و پێشەواییکی سوفیگەریی بوە، بە ناسناوەکاني: "سلطان الأولياء" و"باز الله الاشهب" و"تاج العارفين" و"محيي الدين" و"قطب بغداد"

ناسراوە، ڕێبازی صۆفیگەری قادری هی ئەوە. (منهج الشیخ عبد الرزاق عفیفي وجهوده في تقریر العقیدة والرد على المخالفین ص٦٩٩ بترقیم الشاملة آلیا): گەیلان واتە: گەیلانغەربی کرماشان واتە کوردستان (پوور، دیوان و شەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی کۆر، ١٣٧٨ هـ ش،: ١١٠)، سەرگەرمی پەرستش و سەیرو سلوک و خەلوەت و چلەکێشان بووە، ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە کە زۆرینەی هەڵکەوتوانی بنەماڵەی کاکی ئیران، بە تایبەت شێخانی مورشیدو پۆستنشینەکانیان لە شێخ سولەیمانەوە تا کاک عەلی کوڕی صافی، وەک نەریتێکی تایبەتی خۆیان و وەک ئامادەسازیی بۆ ژینگەییکی عیرفانی خواپەرستی، زۆر پێش مەرگیان، بەدەستی خودی خۆیان گۆڕی خۆیان لە مەرقەدان، هەڵکۆڵیوە (پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ م محەمەدی مەلا مستەفا هیرانی ٢٠٢٣/١٢/١ز)، تا لە گۆڕەکانی خۆیاندا پەرستش و خواپەرستی بکەن و خەلوەت و چلە بکێشن و خەتمی قورئان و زیکرو ئەورادی تێدا ئەنجامبدەن. ئەوەندەی بەندە پێیزانیبێ جگە لە کاکانی ئیران نەمبیستوە هیچ بنەماڵەییک گۆڕهەڵکەندنی خۆیان لای خودی خۆیان کردبێتە نەریت، بەڵێ! لە زوودا بوە تاکتاکە خەڵکانێک بەر لە مردنیان بەدەستی خودی خۆیان گۆڕی خۆیان هەڵکۆڵیوە، وەک:

١- زراری کوڕی موڕڕە، پازدە ساڵ پیش مردنی لە ماڵەکەیدا قەبری خۆی هەڵکەندوە(الجوزی، صفة الصفوة، ٢٠٠٠: ٦٧/٢) و قورئانی پیرۆزی تیدا خوێندوە (ابن سعد، الطبقات الکبیر، ٢٠٠١: ٨/ ٤٥٧).

٢- الحسین بن علي (٥٠) ساڵ پێش مردنی گۆڕەکەی خۆی هەڵکەندوە (سبط ابن الجوزي مرآة الزمان في تواریخ الأعیان، ٢٠١٣: ١٩/ ٣٩٦و٣٩٧).

**صافی و کەو:**

دیـاره لـه نێـوان صـافی و کـەو پەیوەنـدییێکی بـەرچاو هەیـە، ئەمـە ئاماژەپێدانی نـاوێ، بـەڵام ئـەوەی شـایەنی ئاماژەیـە ئەوەیـە، کـە صـافی شاعیری ڕەندو خواناس و دوڕناس میرو پیر، عیشـق و شـەیدایی خـۆی لە ڕێگەی کەوی جوانی برژانگ و دەوری چاوو برۆ دەنووک و ساق و پێ و پەنجە سوور دەبەستێتەوە بە شێخی چاوبازی خـۆی کـە ناسـراوە بە (الباز الاشهب الشیخ عبد القادر الگیلانی)، کـە تەنانـەت دوای مـردنیش زۆرێــک لــە زانــا ئاینییــە هەڵکەوتوەکانیشــمان رایانســپاردوە لــە گۆڕسـتانەکەی بـەردەمی بنـێـژرێن و زۆریشـیان بۆیـان هەڵکـەوتوەو لـە وێ نێژراون.

صـافی بـۆ ڕوو نکردنـەوەی ئـەو پەیوەنـدی و سـۆزو شـەیدایی نێـوان خۆی وکەو و باڕەکەوان؛ لە بەیتە شیعرێکیدا دەڵێ:

بۆ شکاری مورغی وەحشی نەک هەڵۆ و شاهینم
عەشقی چاوی بازی خۆمم، بۆیێ ڕاوی کەو دەکەم (دیوانی صافی، ٢٠١٥، ل: ٥٠).

صـافی دەیـەوێ بڵـێ: مـن شـەیدا و گیـرۆدەی چـاوی بـازی گـەیلانیم و خـووی ئـەوم گرتـوە لـە راوو شـکاردا، بـە چـاوی ئـەوو، بـۆ چـاوی ئـەو راودەکـەم. هـەر بۆیـەش زۆر جـار دوای راوکردنەکـە، ئـازادی کـردوون (دیوانی صـافی، ٢٠١٥، ل: ٥٠.)، یەکێکیـدی لـە مەبەسـتەکانی لـە راوو شـکاری کـەو ئـەوە بـوە کـە لـە ئـاوەدانی دنیـا دوور بکەوێتـەوە، بـۆ ئـەوەش لـە ئـەنجامی بەدەسـهێنانی حـەزو عەشـقەکەی زیـان بـە کـەوی جـوان و بەسـتەزمان نـەگات، جگـە لـە (داو) هـیچ کەرسـتەییێکی دی بەکارنـەهێناوە (دیوانی صافی، ٢٠١٥، ل: ٥١).

هـەر سـەبارەت بە کـەوو، راوە کـەو ماموەسـتا محمدی مـەلا مستـەفا لـە نەوە و نەوەزاکانی صافی دەگوازێتـەوە کە ئـەو لـە راوی کـەودا بـەدوای کـەوی سپیدا، کە دەگمـەنە، گـەڕاوە (دیوانی صافی، ٢٠١٥، ل: ٥١).

سـەبارەت بـە ژینگـەی زانسـتی صـافیش وێـڕای بەدەسـتەوەبوونی بەڵگەگـەلێکی زۆر، کەژینگـەی صـافی لێوانلێـو زانسـتی و ئـەدەبی و ڕۆشـنبیریی بـوە، ئەمەیـە: (ئیـران) بـە حـوکمی میرەدێیـی و دەسـت و دلفراوانی بنەماڵـەی کاک و خەڵکە خۆش و شۆخەکەی و ئاوو هـەوا سازگارەکەی هەمیشە هۆکاری کێشکردنی دڵی فەقێیانی کوردو تـەواوی کوردستان بـووە، هەمیشـە لـە پاڵ تەکیـەی کاکـەکانی ئیران و نـازەنین حـوجرە و مەدرەسـەکەی پڕبـووە لـە فـەقێی جـوان و قـۆزو قۆشـمە و زیتەڵ و زیرەک و دەنگ و ڕەنگ و هەندێ جار جـەنگیش خۆش و بۆ ئەوسـا نوخبـەی ڕۆشـنبیرو هەنـدێ جاریش یاخیبوو، کـە هـەموو ئەمانـە هۆکارگەلێکن بۆ فەراهـەمکردنی ژینگە و کەشێکی گونجاوی زانسـتی و دواتر ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی و هیتریش. لـە پێشـەوە، سـەرپێیی، ئامـاژەم بـە چەنـد کەسـایەتییێک دا، ئێسـتایش بـەدیکۆمێنت باسـی چەنـد کەسـایەتییێکی دیکـەی ناوچەکـەو دەوروبـەرو لـە دوورەوە هـاتووی دەکەین. لەوانە:

١. **مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا محمدی ئیبنئادەم**، لە ماوەی نێوان ٢٢ی (ذي القعدة)ی سـاڵی ١٢٢٧هـ بەرامبـەر بـە ١٨١٢/١١/٣٠ز، تـا ڕەمـەزانی ١٢٣٤ خەریکی نووسینەوەو خووندنی کتێبی کەمالی صـەرف بـووە و لـە کۆتـایی هەنـدێ لـە پـەڕاوێزەکان شـوێنی خوێنـدن و نووسـینەوەیانی نووسـییوە، وەک: دێڵـزە، شـێخ وەتمـان، سـینگورە، گـویزان، سـابلاخ، هـەریر، قەڵاتـە سـۆران، بالیسـان، ئیـران، کـە ئەمـەیان مەبەسـتی ئـەم بابەتەیـە، مـەلا ئەحمـەد لـە کۆتـایی یـەکێک لـە دوو پـەڕاوێزەکان

نووسـیوەیە کـە لـە (مزگـەوتی ئیـران)ێ، کاتێـک کـە لای مـەلا صـەبغە دانیشتبووم نووسراونەتەوە

لـە کۆتـایی پەراوێزێـدیش نووسـیویە: لـە گونـدی ئیـران نووسـیمەوە. لەنیوەی مـانگی رەمـەزان، تـا ئێسـتا پیتێکم [دەرس!] نەخوێندووە! سـەیر کە چەند لە خەمی دەرسـەکانیدابووە!. لـەم کۆپیـە وەک دیـارە لـە کۆتـایی دوو پەراوێزدا ئاماژە بە گوندی (ئیران) دەکات.





مـەلا ئەحمـەدی کـوڕی ئیـبن ئـادەم لـە شـوێنێکی دەسنووسـەکەدا، بـە کـوردییێکی عـەرەبیئامێز نووسـیویە: کتبـت فـی مسـجد ایران، فی یـوم ذی بـاران!!. شـایەنی ئامـاژە پێدانـە مـەلا ئەحمـەدی کـوڕی ئیبن ئـادەم لـە دەسنووسـەکەدا هەنـدێ هـەوڵی شیعرنووسـینی خـۆی تۆمـارکردوە (بزانـی گـەورەی کـوردو ئیسـلام، مـەلا محەمـەدی مـەلا ئادەمـان – ئیبنئـادەم نەتەوەدۆسـت و، کوردینـووس و، بـویژ و، شـاعیر، بابـەتێکی یڵاونـەکراوەی نووسـەری ئەم باتەیە).

## ٢. مەلا خالیدی کونەفلووسەیی

بەداخـەوە بـەهۆی ئـەوەی هیچـی لـەبارەوە نەنووسـراوە جگـە لـەوەی مـەلای گـەورە، نوسـیویەتی هیچـی لـە بـارەوە نـازانین، بۆیـە هـەر نووسـینەکەی ئـەو دەگوازینـەوە، کـە گوتوویـە: (مـەلا خالیـدی

کونەفلووسەیی) رسالەیێ جوانی داناوە، حەققەن جای تەعەججوبە، لە کۆرە دێیە وەکی (کونەفلووسە) مەلایە هەڵکەوێ لەو نەوعە مەسائیلە هاممە تەئلیف بکا (جەلیزادە، تەفسیری کوردی، لە کەلامی خوداوەندی، ٢٠٢٠: ٦٥١/٢).

**٣. مەلا سەعیدی کوڕی بەکری کوڕی محمدی کوڕی خدری ئیرانی.**

مەلا سەعید لە ساڵی ١٨٧٤ز لە ئیرانێ مودەڕڕیس بووە، لە ١٨٧٦ زدا سەفەری موسلی کردوە، لە ١٨٨٣/١١/٢٥زدا خەدیجەی کچی ئیبراهیم بەگی خیزانی مردوە، دواتر مەلا سەعیدی ئیرانی گواستوویەتوە گوندی (دیبەگە)و لەوێش مەلایەتی و تەدریسی کردوە، دواتر لەوێشەوە گواستوویەتیەوە (کۆیە) و لە مزگەوتی (بایزاغا) دەرسی گوتوەتەوە و هەر لە کۆیی گیانی سپاردوە و لە گۆڕستانی دەروێش خدر نێژراوە (وەفاتنامەی پێغەمبەر(د.خ)، دەنگی زانا، ژمارە ٧،: ل:٥٥).

مەلا سەعید لە مەلاچاکەکان ئەژمار کراوەو ساڵانێکی زۆری تەمەنی لە خزمەتی زانست و زانستە ئیسلامیەکان و وێژەو ئەدەبی کوردی بەسەر بردوە (وەفاتنامەی پێغەمبەر(د.خ)، دەنگی زانا، ژمارە ٧،: ل:٥٥).. ناسناوی ئەدەبی (خاکی)بووە (یوسف، دەسنووسی بەهنەسا،.رۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٣ و١٠٤: ل ١٣٨، وەفاتنامەی پێغەمبەر(د.خ)، دەنگی زانا، ژمارە ٧: ل:٥٣ و ٥٤.)و ناسناوی زانستی (المدرس) و ناسناوی کورەکەی (ابن المدرس)و ناسناوی (مودەریسزادە)ی نەوەکانی گەواهیدەری مەلاچاکی مەلا سەعیدی ئیرانین (یوسف، دەسنووسی بەهنەسا، رۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٣ و١٠٤: ل ١٣٨، وەفاتنامەی پێغەمبەر(د.خ)، دەنگی زانا، ژمارە ٧: ل: ٥٥).

کارە زانستی وێژەییەکانی مەلا سەعیدی ئیرانی:١- بەهنەسا. ٢- وەفاتنامەی پێغەمبەر. ٣- معاني الحروف، منظومة في ٣٧ بيتا (یوسف، دەسنووسی بەهنەسا. رۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٣ و١٠٤: ل ١٤٣، وەفاتنامەی پێغەمبەر(د.خ)، دەنگی زانا، ژ: ٧: ل: ٥١، ٥٣- ٥٥).

**٢- مەلا (طـه گـەرۆتـەیی):** هـیچ زانیارییێکم لـه بارەیـەوە چـەنگ نەکـەوتووە، تـەنیا ئـەوە نـەبێ کـه پـەڕاوێزی لـه سـەر فـەرائیزی (شـرح المنهج)ی دانـراوی زکریـا الانصـاری (رحمـه اللـه) نووسـراونەتەوە، کـه ئـەم کتێبـەش بـه خـەتی مامۆستا مەلا عبدالله شێخ مەلا تەها زیارەتی نووسراوەتەوە (ئەم زانیاریانـه لـه پـڕۆژەی کتێبێکـی مـەلا نـوح زیـارەتی سـەبارەت بـه زانایـانی زیـارەت وەرگیراوە).

## صافی لەدیدی شاعیراندا

کورد جوانی گوتـوه کـه گوتوویـە: قـەدری زێـڕ لای زێڕینگره (خاڵ، پەندی پێشینان، ب س: ٢٨٤)، با هـەولێریانه و خۆشناوانه بیڵێم: قەدری زێڕی لە کن زێڕینگریـە، ئینجـا پێویسـته بـۆ زانینینـی پێگـه و پلـەو پایـەی شـیعرو شـاعیریی صـافی ئیرانـی بگەڕێینـەوە لای هەنـدێ لـه هاوزەمـان و هـاودەمی کـاک مستەفای صـافی ئیرانـی، کـه ئەوانیش ئەوەنـدەی بەنـده پێانیزانیبن ئەم شاعیرانەن: صافی لەدیدی شاعیراندا: ئـەم بەشـەیش ئـەم بابەتانـه لـه خۆدەگرێـت: صـافی لەدیـدی: ١. مـەلا رەسـولی بێتووشـی ناسراو به مەنفی. ٢. ئەمین شنۆیی. ٣. مەلا مەحموودی بێخود. ٤. میرزا عەبدوولالای خادیم. ٥. عەبدولجەبار ئاغای کانی. ٦. رەمـزی مـەلا مـارف. ٧. سامی عەودال. ٨. نووری. ٩. هەرشەمی. ١٠بەندی. ١١. ١٢.

**١ صـافي لـه دیـدی مـەلا رەسـووڵی مەنفیدا** ١٨٥٠ز لـەدایک بـوه، (کۆیه لەڕەوتی شارستانیەتیدا، ل: ٢٩٤.، گوڵچنی گیو: ٣٦٧/٢، خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی: ٧٩/٤، شـارەزا، کۆیـه لـەڕەوتی شارسـتانیەتیدا، ل: ٢٩٥)، **یـان لـه ١٩٢٢ز** (موگریـانی، گـوڵچنی گیـو، ٢٠١٩: ٣٦٧/٢.) کۆچیـدواییکردوە، لـه هەنـدێ سـەرچاوەدا (بێدار شارەزووری و....، گولزاری شاعیرانی کورد، ٢٠١٣، ل: ٣٦٧): لـه **١٩١٢ز کۆچیدوایی** کـردوە، بـەلام دیـاره کـه ئەمـه هەڵەیـە، چونکـه لـه هـەمان سـەرچاوەو

لاپەڕەدا نووسراوە: لە ١٩١٩ز، بوە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی کۆیێ(بێدار شارەزووری و...، گولزاری شاعیرانی کورد، ٢٠١٣، ل: ٣٦٧).

د. مارف خەنەدار سەبارەت بە پەیوەندی مەنفی و صافی نووسیویە: مەنفی خۆی بە دەروێشی کاک مستەفای هیران (صافی) داناوە، شیعری هەیە بۆ ستایشی ئەو دەروێشیزمەی[؟!] لە کاک مستەفا بەرجەستەی کردوە، لە شیعریکیاندا دەڵێ:

تاڵعم بێداربوو، باز بەختم ئەوا نوستۆتەوە
کاغەزم ناردۆتە لای دڵدارو نەیخوێندۆتەوە
جوزئەیێ رەحمی موسولمانی لە دڵ پەیدا ببوو
بوو بە شەیتانی[نێ!] رەقیب و، مانی لێ سەندۆتەوە
من کە خۆراکم نیە وا تێمەگەن بێ خواردنم
باری لێوم خواردوە، خوێنی دڵم خواردۆتەوە (خەزنەدار، م. ئەدەبی کوردی: ٨٢/٤).
نووری دینی موستەفایە، ڕەوشەنی کرد رووی زەمین
یا مەیی بێ میهرو مەهـ رووی رۆژی دەرخستۆتەوە
یوسفی میسرێ، کە مەشهووره بە حوسن و دڵبەری
ئێستە هەم چەشمی پەیا بوو، بۆچی خۆی شاردۆتەوە
(مەنفیـ)ـا[؟مەنفیە!] وابەستەیی زولفی نیگاری خۆیەتی
یانەخۆ دێوانەیە، شێخ دەست و پێی بەستۆتەوە

پاش ئەم پارچە شیعرە د. مارف خەنەدار نووسیویە: [ڕەنگە!] مەنفی ئەم شیعرەی وەک نامەیێک یا پەیامێک بۆ کاک مستەفای هیرانی نووسیبێ و ئەو وەرامی نەدابێتەوە. بێ گومان ئەم نامەیە وەک موناجاتێکی دڵداری دەکەوێتەروو(خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی:٨٢/٤).

لە شیعرێکیدیکەدا مەلا رەسولی بێتووشی مەنفی ئەمەی بۆ (صافی) نووسیوە:

لە دووریت لالەروو، لاڵە زمانم [؟ زوبانم] (نۆدێیی، فەرهەنگۆکی ئەحمەدی، ل: ٢٢) × نەماوە تاقەتی نوتق و بەیانم لە وەختی خەندە حەیرانم بە قوربان

لەبت یاقووتە، یا قووتی ڕەوانم غولامانت [؟ غولامانە!] غولامانت دەهۆنن

مەکە خۆت پەنجە رەنجە، جیسم و جانم!

لە سەر تا پا، موقەییەد بووی بە کاکۆڵ

جەزات بێ بێ (خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی: ٨٣/٤)[؟ جەزاتبێ!] دەفعەیێ نەتبیست فیغانم

حەیاتم! چاوەڕێی ئاوی حەیاتم لە لێوت دەفعەیێ تەڕکەم دەهانم

بەهارو پایزم کردۆتە هەمدەم لە رەنگی زەردو ئەشکی ئەرخەوانم

سەگێکی خائینە قوربان رەقیبت

دەریکە، خۆم شەوو رۆژ پاسەوانم (موکریانی، گوڵچنی گیو: ٣٦٨/٢).

لە بۆ بێزاری لێم؟! ئەی نووری دیدە

هەر ئەم دوو رۆژەیە لێت میهمانم (خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی:٨٣/٤، کۆیە لەڕەوتی شارستانیەتیدا: ٢٦٧).

وەرە! عومرێکی تازەم پێ عەتاکە

بلێ عیسایی چارەم ئاسمانم خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی:٨٣/٤. کۆیە لەڕەوتی شارستانیەتیدا: ٢٦٧).

ئەوا ئیمانی پێت هێناوە مەنفی بفەرموو موستەفای ئاخیر زەمانم

لە دیوانی صافی، چ٣، ل: ٥، تەنیا ئەم کۆتا بەیتە، کە تۆمارکراوە، لە دیوانی صافی، چاپی٢، ساڵی٢٠١٥، ماموستا م. م. هیرانی ئەم شیعرە، بێ ئاماژە بە سەرچاوە، لە گەڵ هەندێ جیاوازی، تۆمارکراوە. سەرچاوەی ئەم پارچە شیعرەی مەنفی، ئەمانەن: دیوانی صافی، لێکۆڵینەوەی:

م.م. هیرانی، چ ٢٠١٥، ل: ٦٠٦. خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کورد: ٨٣/٤، موکریانی، گوڵچنی گیو: ٣٦٨/٢).

مەنفی لە بەیتێکیدا بۆ (صافی) گوتوویە:

مەئلووفە دڵی خەستە بەهیرانی و[ئیرانی و!] خاکی × چاو تالیبە بۆ خاکی رەهی حەزرەتی (کاکی)( دیوانی صافی، ٢٠١٥، ل: ٢٦)، ئەم بەیتەی (مەنفی) کاریگەریی شیعرەکەی (شێخ رەزای تاڵەبانی) بۆ (کاکەحمەدی شێخی) بەسەرەوە دیارە

**٢ - صافی لە دیدی ئەمین شنۆییدا:** ١٨٨٩ – ١٩٥٤ز

میرزا محەمەد ئەمینی کوڕی حاجی برایمی ناسراو بە (ئەمین شنۆیی) هەڵکەوتوویکی سەردەمی خۆی بوە، بە هۆی خۆشەویستییەوە لەلایەن خەڵکی شنۆیێ، وک شارەدار هەڵبژێردراوە (دیوانی ئەمین شنۆیی:١١)، دواتر بەرپرسایەتی دایرەی پەروەردەو فێرکردن و، دایرەی سەبت و ئەحواڵی پێ دەسپێردرێ (سەرچاوەی پێشوو: ١٢)، لە بواری ئەدەب و شیعر ئەمین شنۆیی شیعری سۆزداریی بۆ ستایشی پێغەمبەر (د.خ) نووسیوەو، تا لە ژیاندا بووە لە کۆڕو دانیشتنەکانی زیکرو ستایشدا هەمیشە سەر حەلقە بووەو (دیوانی ئەمین شنۆیی: ١٢)، بە ئیلهام وەرگرتن لە سۆزی ئەوین و جوانی سورشت لە سەرێک و خۆناسین و خوا ناسین لە سەرێکیدیکەوە خۆی گەیاندە ئەو پەڕی، ئەمەش وایدەکرد شیعرەکانی زوو بکەونە سەر زارو بەردڵان و زوو جێگای خۆیان بکەنەوە لە نێو کۆڕی جەزبەو زیکری سۆفیان و دەروێشان (دیوانی ئەمین شنۆیی: ١٠). یەکێکیش لەو شیعرانەی شنۆیی کە پڕن لە سۆزی ئاینی ئەم دوو پارچە شیعرەن کە بۆ (صافی) نووسیون کە وەک (مورشید) دەیناسێنن. دیارە لە رووی کات و دەم و شوێنیشەوە؛ رێی تێدچێ (صافی) و (ئەمین شنۆیی) یەکدیان دیتبێت و لەو دەمانەی (صافی) لە ناوچەی

سـابلاغ و پەسـوێ خوێندوویـە بەیەکگەیشـتبن، یـان لـە یـەکێک لـە تەکیـەکانی مـاڵی کـاکی ئیـران کـە تەکیـەیان بـووە لـە هـەولێرو ئیـران و شـەقڵاوە و روانـدزو هتـد(دیوانی خـەزان:٢٤.) یـان لـە هـەر کوێیـەک بێـت بەیەکگەیشـتبن. دەشـکرێ یەکدیناسـینیان تـەنیا لـە ڕێـی نامـە و نامـە نووسین و شیعر گۆڕینەوەو سۆزی ئاینییەوە بووبێت.

ئەمەیش شیعرێکی پێنج خشتەکیە لەو دووشیعرەی ئەمین شنۆیی کە لە ستایش و پێداهـەڵگوتنی (صـافی ئێرانـی)و لـە ژێ شـادێڕی بـۆ صـافی کاکی ئێرانی[ ئیرانێ]دا گوتوویەتی:

سافی! بە فیدای خاکی دەری ڕەهگوزەرت بم
قوربانی قەدو قامەت و لەفزی شەکەرت بم
حەیرانی کەلامات و غەزەلیاتی تەڕت بم
شەیدایی کەڕاماتی سەریعولئەسەرت بم
پەروانەیی جان دادەیی شەمعی نەزەرت بم

پەروانەمە، ئەمما لە چرای ڕوویی تۆ دوورم
وەک بولبولی مەحڕووم لە ڕوویی گوڵی سوورم
سەد شوکر! بە ئەفکار، هەمیشە لە حزوورم
ناچار بە ئەم حاڵەشەوە شاد و سەبوورم
دەروێش و قەلەندەر، بە تەمەع سیم و زەرت بم

من سائیلی دەرگاهم و موحتاجی بەراتم
موشتاقی دوعاییکم، لە بۆ راهی نەجاتم
بەو لوتف و سەفای دڵ وەرە تۆ بمکە خەلاتم
فەوتاوە دە عوسیانێ، هەموو عومری حەیاتم [عومرو حەیاتم!]
خاکم وەسەری، کەنگێ دەبێ خاکی دەرت بم

یاڕەب! کەی دەبێ جارێکی من بێمە خەیاڵت
یا ئینکێ[یانێکی!] ببینم بە نەزەر ماهی جەماڵت
ڕۆژێکی بکەم ڕۆئیەتی ئەو ئەبرۆي [ئەبرۆ!] هیلالت
شاد بێ دڵی غەمدیدە لە بۆ عەیدی[؟ عيدي!] ویسالت
زەوواری[؟زوواري!] تۆڕابی قەدەم و پا[؟وو!] سەرت بم

بێچارە (ئەمین)م لە (شنۆ)، بێ کەس و کارم
بێ دولبەرو، بێ هەمدەم و بێ موونس و یارم
تۆ غەوسی موعەززەم! بگە ئیمداد و هەوارم
دەرمان کە برینی دڵی مەجڕووح و فیگارم
ئەی من بە فیدای مەرهەمی زەخمی جگەرت بم.(دیوانی ئەمین شنۆیی: ل ٧٧)

ئەمەش شیعرێکی دیکەیە، کە لە لاپەڕەی ٧٥ و ٧٦ی (دیوانی ئەمین شنۆیی)دا، لە ژێر شادێڕی: «ئەم قەسیدەیە ئەمین [شنۆیی]، لە زمانی میرزا عینایەت -پێدەچێ ئەم میرزا عینایەتە هەر ئەو میرزا عبدالله ی عینایەتی سعاتسازە بێ کە لە لا پەڕەکانی ٨٠ و٨١ ی دیوانی ئەمین شنۆیی، دوو پارچە شیعری بۆ نووسراوە.- بۆ خزمەت کاک مستەفا ئیرانی سافی نووسیویە» ئەم شیعرە ناسک و جوانەی ئەمین شنۆیی تۆمارکراوە، کە تیایدا گوتوویە:

وەرە پەیکی سەبا ئیمڕۆ ببە قاسیدی فەرمانم
بچۆ بۆ خاکی ئێرانێ [ئێرانی!]، لە بۆ کن گیانی گیانانم
بڵێ ئەی (کاکی) مورشید، نووری چاوم، کۆڵەگەی دینم
لە بۆ ناپرسی جارێکی لە ئەحواڵی پەرێشانم
تەبیبی حاڵزانی من! بە دەرمانی تۆ موحتاجم،

نەخۆش و پیرو ئوفتادە، ئەسیری دامی هیجرانم
بە مووی ئاوا سپی، قەلبی وەها ڕەش هەر وەکوو یەعقووب
بە بۆنی نازەنینیخاکی ئێرانیٚ[ئیرانیٚ!] دەژی گیانم
ڕەفیقم کەس نەما ڕۆیین لە دونیا هەر ئەمن ماوم
ئەمیش مەشموولی مەرگم، ئینتیزاری ڕوحمی ڕەحمانم
وەلیٚ دەر ئاخری عومرم چ ئینسافە لە تۆ دوور بم
حەبیبی من، تەبیبی من، دەوایی دەرد و دەرمانم
ئەتۆ بی! مەرقەدی (کاکی)، بە لوتفی خۆ عیلاجم کە
بە بۆنی پیرەهەن بیکە موعەتتەر بەیتولئەحزانم
قەرار و وەعدە[ وەعد!]و پەیمانم دەگەڵ تۆیە هەتا دەمرم
ئەمن حەڵقە بە گۆشی تۆم، لە سەر ئەو عەهدو پەیمانم
وەلیٚ ئەو حەسرەتەم ماوە هەتا ماوم لە دونیایٚ
زیارەت خاکی پایی تۆم نەسیب بیٚ، شاهـ و سوڵتانم
عینایەت ئارەزووی لوتف و عینایاتی هەیە قوربان
هەموو عالەم بزانیٚ من غوڵامی کاکی ئێرانم[ئیرانم!]
ڕەفیقێکم هەیە وەک من بە ئەلتافی تۆ موحتاجە
«ئەمینی ئوشنەوی» ناوە بە خۆشی خزم و جیرانم
لە دونیا و قیامەت بنگەیە ئیمداد و هاواریٚ
لە بن بەیداخی غەوسی ئەعزەم و سوڵتانی جیلانم

**٣-صافی لە دیدی بێخوددا** (١٨٧٩ – ١٩٥٥)ز (بێخود،١٣٨٦ هـ ش: ل:١٣ و ١٤)

(بێخود) ناسناوی مەلا (مەحموود)ی کوڕی مەلا (ئەمین)ی کوڕی مەلا (ئەحمەد)ی چاومارە (بێخود،١٣٨٦ هـ ش: ل:١٠).

دیارە (بێخود) و (صافی) بەر لەوەی یێکدی ببینن، دووراودوور یێکدیان ناسیوە، سەیریکە (بێخود) لەم بەیتیەیدا دەڵێ:
دەمێ بوو (صافیـ)ـا نادیددە دڵ بووبوو بە پەروانەت
بەکامی خۆی گەیی بیستی کەوا شەمعی شەبستان هات(بێخود،١٣٨٦ هـ ش: ل:٢٨).

ئەم بەیتە بەروونی دەڵێ: دەمانێک بوو بەبێ یەکدی بینین وەک شەم و پەروانە، بەدەوری یەکەوە بووین، لەوانەیشە هەر ئەم بەیتەش بووبێتە هۆکاری ئەوەی کاک کەماڵ رەحمانی زەنگیاوەیی لەو چاپەی ئەو ئامادەیکردوە، بڵێ: (بێ گومان ئەم دوو شاعیرە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ژیاون ئاگایان لە یەکتری بووەو یەکتریشیان ناسیوە) (دیوانی صافی، ئامادەکردنی: کەماڵ رەحمانی زەنگیاوەیی، ل: ٧ و٨) هەر ئەم یەکدیناسین و ئاگا لەیەکبوونەش بووە بۆتە هۆی کارلەیەکدی کردن، کە ئەوەش سوننەتێکی خواییە. هەر ئەو کار لە یەککردنەیش بۆتە هۆی لەیەکچوونی چەند پارچە شیعرێکی (صافی)و (بێخود)، ئەوانیش پارچە شیعری:
لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من ی بێخود و کە صافیش چەند پارچە شیعرێکی هەن ئەوانیش پارچە شیعرەکانی: (جانا لە فیراقی تۆ پەشێواوە دڵ من،(صافی، ٢٠١٥، ل: ٣١٥)و، (جانا لە غەمت والەوو حەیرانە دڵی من) و، (موددێکە لە هیجرانی تۆ شێوایە دڵی من، (صافی، ٢٠١٥، ل:٣٢١)، ئەمانە و ئەوەی بێخود لە کێش و قافیە لەیێکدەچن، لەوانەیە یەکێک بە کاریگەری ئەوەی دی بێت، بەڵام بەهۆی نەبوونی مێژوو بەسەر شیعرەکان ناتواندرێ بگوترێ کامەیان کاری داناوەتە سەر ئەویدی، دەشبێ کارلەیەککردن نەبێت تە نیا تەوارود و لەیەکچوون بێت!

ئەمەو، ئەوەندەی من بیرم مابێ ئەم شیعرەی بێخود، لە ساڵی ١٣٥٦ ک – ١٩٣٧ز، بە بۆنەی ئیجازە وەرگرتنی کاک مەلا عەزیزی کوڕی کاک مستەفای صافی لە مەلا محەمەدی جەلیزادە، مەلای گەورەی کۆیە، ئەم شیعرە نووسراوە، هەرچەند نایەتەوە یادم کە لە کوێ و لە کێ ئەمەم دیتووە، من وامدەزانی لە چاپی یەکەمی دیوانی بێخود دیومە، بەلاّم کە گەڕامەوە بۆ ئەو چاپە هیچم تێدا نەدۆزیەوە، دەبێ لە ماموەستا مەلا خەلیلی دووسەرەیی ناسراو بە (وافی) دواتر بە (موخلیس) بیستبێتم، چونکە یەکەم ئاشنابوونم بە چاپی یەکەمی دیوانی بێخودو ئەم شیعرەی دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٩٧٥، کە لەو ساڵەدا لە خزمەت ماموەستا (مەلا خەلیلی موخلیس)، لە خانەقای شێخ مستەفای نەقشبەندی لە شەقلاوە کتێبی (جامی)م دەخوێند. ئەمەو، م م.م. هیرانی لە م مەسعوود محمد دەگوازێتەوە کە ئیجازەکە لە کۆتایی سییەکانی سەدەی رابۆدووبوە، بە هەر حاڵ ئەمە شیعرە زۆ جوان و ناوازەو نایابەکەی (بێخوود)ە لەمەدح و ستایش و پێداهەڵدانی (کاک مستەفای صافی ئیرانێ):

مەڵێ ئەی (نازەنین) بۆ شاری (کۆیە) کاکی ئێران[؟ ئیران!] هات
بفەرموو: عەسکەری لەشکەرشکێنی شاهی گەیلان هات
مەڵێ عەسکەر، بلێ: سەرعەسکەری سوڵتانی دین یەعنی:
غولاّمی شاهڕاهی بارەگاهی قوتبی یەزدان هات
چییە یا ڕەب کە ناوی کاک ئەبەن [؟دەبەن!] زاهیر دەبێ شەوقم؟!
دەڵێ[؟دەڵێي!] بۆ زەڕڕەییێکی بێنەوا خورشیدی ڕەخشان هات
دەمێ بوو (صافی)یا نادیدە، دڵ، بووبوو بە پەروانەت
بە کامی خۆی گەیی بیستی کە وا شەمعی شەبوستان هات
دەمێ بوو چاوەڕێی موژدەی قودوومی ئێوە بوو (بێخود)

خودا کردی نەسیمی پیرەهەن بۆ پیری کەنعان هات

(ئێران) یا (هیران) و(نازەنین) دوو دێن لە خۆشناوەتی. لێرەدا لە سەر شێوەی (تەوریە) ئەم دوو وشەیە بەکارهنراوە. (کاک) لەقەبی بنەماڵەی شاعیر (صافی هیرانی)یە. کاک لەقەبی بنەماڵی شاعیر (صافی هێرانی)[؟ ئیرانی!] (دیوانی بیخود، ١٣٨٦هـ: ٢٨)

**٣-صافي لە دیدی خادیمدا**

میرزا عەبدوللای کۆیی، ناسراو بە خادیم، (١٨٩٥ – ١٩٧١ز)، لە یادی شاعیراندا، لە بارەی صافی گوتوویە:

تەخەللوس «صافی» بوو، مستەفایە، کاکی هیرانی[ئیراني!]

لە شیعری ساف و وردی عالەمێ مەبهووت و حەیرانی (دیوانی خادیم: ١٥٥).

٥. **صافی لە دیدی عەبدولجەباراغای کانی** کۆچکردووی ١٩٥٧ز، کانی بۆ صافی گوتوویە:

ئوستادی غەزەل (صافی)یە جێگەی لە هیرانە[؟ ئیرانە!]

مەدحی چ بکەم زاهیر و مەشهووری جیهانە (دیوانی صافی، چ٣، ل: ٥).

غەزەل: شیعر، قوماش، (فەرهەنگی نالی، ١٩٧٧: ٣١٧).

٦-**صافي لە دیدی رەمزی مەلا مارف** کۆچکردووی ١٩٧٦ز دا. (دیوانی رەمزی مەلا مارف، ٢٠١٤ ل: ٥١)

لە دیوانی رەمزی مەلا مارفدا دا ئەمەی خوارەوە هاتووە:

بۆ کاکی هیران [ئیران] شاعیری بەناوبانگ (صافی وتراوە: کاتێ لە شەقلاوە بووم لە ژێر سێبەری ساباتەکەی ماڵی (یەحیا بەگ)دا دانیشتبوون،[؟دانیشتبووین!] یە کێک لە ئاغاواتی خۆشناوەتی لە وێ ئەبێ و دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ خۆشناو. ئەمیش ئەم چوارێنە بۆ (صافی)

ئە هۆنێتەوەو بەو بۆی دەنێرێ، ئەمەش دەقی شیعرەکەی رەمزی مەلا مارفە:

دەڵێن جەنابی کاکی هیران [ئیران] فریاد رەس و دەلیلە بۆ داماوان

عەرزی بکە سا لەمێژە شێخا، رەمزی (لە شوێنێکیتردا نووسیویە: عەرزی بکە مێژە قوربان رەمزی)

داماوە لە بۆ کەوێکی راوی خۆش خوان

جا کاکی هیرانیش کەوێکی دەنگ زوڵالی بۆ دەنێرێ.(رەمزی مەلا مارف، ٢٠١٤ ل:٣٤٣).

۷. **صافی لە دیدی (سامی عەودالّ)دا** (١٩١٠ – ١٩٨٥)ز

سامی عەودالّ لەم دێڕەدا باسی صافی دەکات و بە عاشق بە چاوی بازی گەیلانی وەصفی دەکات و دەڵێ:

(عاسی) و (حوسێن)و (صافی هیرانی)

عاشق بەچاوی بازی گەیلانی (دیوانی سامی عەودالّ، ٢٠١٠ز، ل: ٣٩٦.)

عاصی (١٨٩٢-١٩٧٥ز) مەلا مستەفای کوڕی مەلا رەسوولە. (کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا: ٣٠٨).

حوسەینی ناسناوی سەید ئەحمەدی شیخ کریمی بەرزنجی کۆچکردووی ١٩٣٣زاینیە. (کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا:٢٦٦).

۸. **صافی لە دیدی (نووری)دا**، (١٩١٢-١٩٩٤ز) (گولزاری شاعیرانی کورد، بێدار شارەزووری و...،٢٠١٣، ل:٣٤٦).

شیخ جەلالی شێخ جەمیلی نەقشبەندی لە ستایشی (صافی)دا نووسیویە:

فەریدی عەسری خۆی (صافی)، گەلێ ڕەندو بە تەقوا بوو

موریدی موخلیصی زاتی جەنابی غەوثی بەغدا بوو (دیوانی صافی، ، چ ٢٠١٥،ل٥٩٧).

۹. **صافی لە دیدی (هەرشەمی)** (١٩١٥-٢٠٠٠) ز

لە بارەی (صافی) و روونی و رەوانی شیعرەکانیەوە، دکتۆر شێخ عبداللەی کوڕی شیخ مستەفای هەرشەمی نەقشبەندی گوتوویە:

بەندی (صافی) روونە هەروەک ئاوی چاوی (نازەنین)،
وەک گوڵێ ڕوومەت جوانە، وەک گوڵی گژنیژە ورد (هەرشەمی، دەستە گوڵ، ۱۹۹۰، ل:۱٦۰.)
هەرشەمی بەلایەوە باشبوە بۆ (شیعر) بەندو، بۆ (نثر) باو بگوترێ، (هەرشەمی، دەستە گوڵ، ۱۹۹۰ ل: ۷۵).

۱۰. **صافی لەدیدی (بەندی)** – محەمەدی مەلا مستفای هیرانی، لەدایکبووی ۱۹۵۵ز، نووسین و شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کلاسیکی هەیە، لەوانە: دیوانی صافی، چ ۲، ۲۰۱۵ز.

به میزانی ئەدەب لەفظی هەمووی هەر شەککەرە (صافی)
لەنێو دەریای غەزەلدا، وەک غەواصی گەوهەرە (صافی)
لە مەددو جەزری عەشقی یار، دڵی ئاگری تەڕە (صافی)
لە جوملەی عاشقانی خوا، دەلیل و ڕەهبەرە (صافی) (دیوانی صافی، چ ۲۰۱۵،ل٥٩٨):

ئەمەیش لەنێو لاپەرەی تێبینیەکانم بوو، هیچ زانیارییێک لەسەری تۆمار نەکراوەو، لە کوێ و چۆن دەسمکەوتوە؟ هیچم نایەتەوە یاد، بەڵام پێدەچێ بۆ (صافی) نووسرابێ، بە پێویستم زانی لێرەدا دایبەزێنم، بەڵکە یەکێک روونکردنەوەییێکی بۆ بکات:

...؟ زاتەکە ماڵ مودیری هەولێرە
هەم سەییدە، هەم شاعیرە، هەم چاوتێرە
بۆ ئێوەیە! ئەم ڕوباعییەی نووسیوە.
مەمنوونم: ئەگەر (کەو) شک ئەبەن، بینێرە!

جگە لەم کۆمەڵە شاعیرە، هەندێ لە کوڕەکانیشی شیعریان لە ستایشی (کاک مستەفای صافی) باوکیان نووسیوە(دیوانی صافی، لێکۆڵینەوەی: م.م. هیرانی، چ ٢٠١٥،ل٦٠٠)، بۆ نموونە:

١١. **کاک عەبدولکەریم**، وریای کۆچکردووی ٢٠٠٨/٩/٢ز، کوری بچووکی صافی بۆ ئەو گوتوویە:

زۆر سوپاس بۆ خوا کوڕی ئەو شاعیرەم، ناو صافییە
فەخرە بۆ من، تا لە دنیابم، ئەوەندەم کافییە
باعیسی ئیلهامی شیعری ئێمە تەنها هەر ئەوە
بۆیە هەردەم حەزئەکەم شیعری بە وەزن و قافییە.

١٢. **کاک عەبدولقادری سۆزی**، کۆچکردووی ١٩٩٠/٥/٢٠ز، کوری (صافی)ش بۆ ئەم، گوتوویە:

هەتا مابوو لە دنیا بەهرەوەر بوو          کەلامی شککەرو لەفزی گوهەربوو

**ئەنجامەکان:**

١. ناوی ئەو شوێنەی صافي تیایدا لەدایکبووە و ژیاوە؛ گوندی ئیران بووە، دوایی کراوە بە هیران.

٢. بنەماڵەی پیران و عاریفانی کاکی ئیران بۆ ناسناوی ئاینی نەتەوەییانە و خۆشناوانە، ناسناوی کاکیان بۆ ناسناوی ڕابەرانی ئاینی بنەماڵەکەیان هەڵبژاردوەو، بۆ ماوەیێکی درێژ و تا ئێستاش پاراستوویانە.

٣. صافی بۆ پەرەپێدانی بەهرەی خواپێداوی شیعری، وێژەیی، عیرفانی، هونەریی، تاد سوودی لەو ژینگەی سروشتی و شیعریی و وێژەیی هتد وەرگرتووە ئەمەش لە شیعرەکانی ڕەنگیداوەتەوە.

٤. صافی لە دەنگی خۆشی دەروێشەکانی کە زاراوە و دەڤەرو کولتوورو...ی جیابون، سوودی وەرگرتووە بۆ گوتنی شیعرەکانی بەو شێواز و ئاوازەی کە خۆی

ویستوویە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ، کە سافی سەرەڕای هونەرمەندی لە زۆر بواران لە هونەری ئاوازدانانیش هونەروەر بووە.

٥. سافی لە ڕاوکردنی کەو؛ مەبەستی بەتاڵکردنی حەزو ئارەزوە نەفسیەکانی لە کایەیێک کە لە کێشمەکێشی دنیاداریی دووربکەوێتەوە زۆربەی کاتەکانی لە کەژوکێو بەسەر بەرێت.

٦. سافی لە بواری شیعر و عیرفان و ئەدەب پەیوەندیدار بووە بەزۆر لە شاعیر و عاریفانی وەک بێخود و ئەمین شنۆیی هیتر.

**ڕاسپاردەکان:** ژینگەپارێزیی ئەرکێ ئاینیی و نیشتمانی و کۆمەلایەتییە، پێوستە راوچییەکان هەر بۆ چێژوەرگرتن، کە راوکراوەکانیان راودەکەن، ئاواش صافی ئاسا ئازادیان بکەن.

## سەرچاوەکان:

-ابن الأثير الكاتب، المثل السائر في أدب الكاتب والشاعر، نصر الله بن محمد بن محمد بن عبد الكريم الشيباني، الجزري، أبو الفتح، ضياء الدين، المعروف بـ-، (ت ٦٣٧هـ)، المحقق: محمد محي الدين عبد الحميد، المكتبة العصرية للطباعة والنشر، بيروت،١٤٢٠هـ

-ابن سعد، الطبقات الكبير، محمد-، بن منيع الزهري (ت ٢٣٠ هـ)، المحقق: الدكتور علي محمد عمر، مكتبة الخانجي، القاهرة – مصر، ط ١، ١٤٢١ هـ - ٢٠٠١ م.

-بابا مردوخ، تأريخ مشاهير كرد، بابا مردوخ روحاني شيوا، سرش، تهران،١٣٨٢.

-بێخود، دیوانی بێخود، کۆکردنەوەو ڕێکخستن و لە سەرنووسینیی: محەمەدی مەلاکریم، چاپخانەی سلمان الأعظمي، بەغدا، ١٩٧٠ز.

-بێخود، دیوانی بێخود، کۆکردنەوەو ڕێکخستن و لە سەرنووسینیی: محەمەدی مەلاکریم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە، ١٣٨٦ هـ ش.

-پور، عەزیز محەمەد-، دیوان و شەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی کۆر موکریانی، پێداچوونەوەی هەژار، چ١، تاران، ١٣٧٨ هـ ش.

-جەلیزادە، تەفسیری کوردی، لە کەلامی خوداوەندی، مەلا محمدی-، ناوەندی ڕێنووس، چاپی٢، سلێمانی، ٢٠٢٠.

-الجوزي، جمال الدين أبو الفرج عبد الرحمن بن علي بن محمد-، (ت ٥٩٧هـ)، صفة الصفوة، المحقق: أحمد بن علي، دار الحديث، القاهرة، مصر، ١٤٢١هـ/٢٠٠٠م.
-چروستانی، یادداشتەکانی مناڵی و بەشێکی سەردومی فەقێیەتی مامەوستا مەلا محمدی، ساغکردنەوەو پێشکەشکردنی: محمدی مەلا کریم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٤ز.
-الحميدي، محمد بن فتوح بن عبد الله بن فتوح بن حميد الأزدي الميورقي-، أبو عبد الله بن أبي نصر (ت ٤٨٨هـ)، الجمع بين الصحيحين البخاري ومسلم، المحقق: د. علي حسين البواب، دار ابن حزم - لبنان/ بيروت، الطبعة: الثانية، ١٤٢٣هـ - ٢٠٠٢م.
-خاڵ، پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ، چاپخانەی شڤان، ب ش، ب س.
-خەزنەدار، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د مارف-، دەزگای رۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی، چ: دار الحریه، بەغدا، ١٩٧٧ز.
-خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف -، کتێبی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠ز.
-رەمزی، دیوانی رەمزی مەلا مارف، کۆکردنەوەی: شەهاب رەمزی، چاەمەنی چوار چرا، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٤.
-رۆحانی، مێژووی ناودارانی کورد، بابە شێخ مەردۆخ رۆحانی، وەرگێڕان: ماجد مەردۆخ، سنندج، ٢٠١١.
-زەنگیاوەیی، دیوانی صافی، ئامادەکردنی: کەماڵ رەحمانی -، ب ش، ب س.
-سامی، دیوانی سامی عەودال، سامی عەودال، لێکدانەوەی: د کەمال مەعروف، سلێمانی، ٢٠١٠ز.
-سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان في تواريخ الأعيان، شمس الدين أبو المظفر يوسف بن قزأوغلي بن عبد الله المعروف بـ-، (٥٨١ - ٦٥٤هـ)،تحقيق: مجموعة من المحققين، [بأول كل جزء تفصيل أسماء محققيه]، دار الرسالة العالمية، دمشق سوريا، ط١، ١٤٣٤هـ - ٢٠١٣ م.
-شارەزا، کۆیە لەڕەوتی شارستانیەتیدا، نووسین و لێکدانەوەی: کەریم -، نازم حەوێزی، عوسمان مستەفا خۆشناو، مەجید ئاسنگەر، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩.
-شارەزووری، گولزاری شاعیرانی کورد، بێداد -، و...،٢٠١٣ز.

-شنۆیی، دیواني ئەمین- میرزا محەمەد ئەمینی کوڕی حاجی برایمی شنۆیی، ئامادەکردنی:ئەحمەد بەلەدی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ١٣٧٧ هەتاوی.
-کاکی هیرانی، دیوانی خەزان، نووسین و ئامادکردنی: نیاز مەستی، هانا کاکی هیرانی، چ:١، ٢٠٢٢ز.
-الكوسج، مسائل الإمام أحمد بن حنبل وإسحاق بن راهويه، إسحاق بن منصور بن بهرام، أبو يعقوب المروزي، المعروف ب- (ت ٢٥١هـ)، عمادة البحث العلمي، الجامعة الإسلامية بالمدينة المنورة، المملكة العربية السعودية، ط١ ،١٤٢٥هـ - ٢٠٠٢م.
-کۆیی، حاجی قادری- دیوانی حاجی قادری کۆیی، ئامادەکردنی: کەریم شارەزا، سەردارحمید میران، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیریی و لاوان، ١٩٨٦.
-منهج الشيخ عبد الرزاق عفيفي وجهوده في تقرير العقيدة والرد على المخالفين» (ص٦٩٩ بترقيم الشاملة آليا):
-مەلا سەعید، وەفاتنامەی پێغەمبەر(د.خ)، مەلا سەعیدی ئیرانی، ساغکردنەوە: فائیزی مەلا بەکر، دەنگی زانا، ژمارە ٧،
-مەلا مستەفا، دیوانی صافی، لێکۆلینەوەو ساغکردنەوەی محەمەدی- هیرانی، چ ٢، ٢٠١٥،
-موکریاني، دیوانی صافی، ئامادەکردني: گیو- چاپخانەي کوردستان، چ٣، هەولێر، ١٩٧٣ز.
-موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، گیو -، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٦١ز.
-موکریانی، گوڵچنی گیو، گیو -، ساغکردنەوەو..: د کوردستان موکریانی، رووداو، چاپخانەی ڕۆژ هەڵات، هەولێر، ٢٠١٩.
-میرزا عەبدوللا، دیوانی خادیم، حاجی میرزا عەبدوللای کۆیی، دەزگای رۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی، دارالحريه، بغداد،
-نۆدێ، فەرهەنگۆکی ئەحمەدی، شێخ مەعرووفی -، تصحیح: محمد محمد زادە، انتشارات کردستان، سنندج، ١٣٨٩ هـ ش،
-هەرشەمی، دەستە گوڵ، د. عەبدللا هەرشەمی، مطبعة الخنساء، بەغدا، ١٩٩٠،
-یوسف، عبد الرقیب- دەسنووسی بەهنەسا، رۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٣ و١٠٤.
-پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ م محەمەدی مەلا مستەفا هیرانی ٢٠٢٣/١٢/١ز.

## خلاصة البحث

يركز هذا البحث على محورين رئيسيين: أحدهما تأثير البيئة الطبيعية، والدينية، والعلمية، والاجتماعية وإلخ... على صقل شخصية (صافي) في تلكم النواحي والمجالات وقد ركز البحث على إلقاء الضوء على مكانة صافي وشخصيته في جميع المجالات، أولا تأثير البيئة العرفانية الموهوبة والمتوارثة، ثم تأثير البيئة العلمية والأدبية فالاجتماعية ويتعرض البحث إلى أن اسم القرية المنسوب هو إليها قديما وإلى ما بعد وفاته هو إيران وأن التحريف والتصحيف حدثا لأسباب أشير إلى بعضها في متن البحث، وقبول لقب "كاك" كلقب ديني للعائلة، وقد اعتيد ذلك من قبل عوائل دينية وعلمية. ويتطرق البحث في المحور الآخر إلى عرض القصائد المكتوبة في مدح (صافى) وفضله.

## Summary

This topic focuses on two main axes: One is the influence of the natural، religious، scientific، social، etc. environment on refining Safi's personality in those aspects and fields. The research focused on shedding light on Safi's status and personality in all fields. First، the influence of the gifted and inherited mystical environment. Then the influence of the scientific، literary and social environment. The research points out that the name of the village attributed to it in ancient times and until after his death is Iran، and that the distortion and misrepresentation occurred for reasons، some of which were mentioned in the text of the research، and the acceptance of the title "Kak" as a religious family title، and this was used by religious and scientific families.. In the other axis، the research deals with the presentation of poems written in praise of Safi and his virtue